https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.25

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# تەشەنەكردنی گوتاری ڕكوكینە لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا (توێژینەوەیەكی شیكارییە بۆ تۆڕی كۆمەڵایەتیی فەیسبووک)

پ. ی. د. بەهات حەسیب قەرەداغی

ئاسۆ قادر شیخ محمد

كۆلێژی تەكنیكیی كارگێڕی، زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر

bahat.ali@epu.edu.iq

aso.mam20@epu.edu.iq

## پوختە

ئەو توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمییە، بە مەبەستی زانین و تێگەیشتن لە ڕادەی تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، توێژینەوەیەکی وەسفییە و پشت بە شیکاریی ناوەڕۆک بەستراوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، لە پەڕەی فەیسبووکی تۆڕی میدیایی ڕووداو Rudaw و دەزگای خەندان Xendan، کە دوو پەڕەی کاریگەرن و ڕۆژانە خەڵک سەردانیان دەکات و بابەتەکانیان دەخوێنێتەوە یان بە شێوازی دیکە کارلێکی جۆراوجۆریان لەگەڵ دەکات.

پرسی گوتاری ڕکوکینە پرسێکی جیهانییە، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە لە ڕووی وەدیارکەوتن و بەرخورد لەگەڵ کردن جیاوازە، تا کۆمەڵگاکە داخراو و دواکەوتووبێ، لە ڕووی بەرهەمهێنانی مەعریفی، ئەوەندە گوتاری ڕکوکینە دەتوانێ بە ئاسانی تێیدا بڵاوببێتەوە.

ئایا بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هۆکارن بۆ تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە، لەو توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ئەو توێژینەویە بەسەر چوار تەوەرە دابەشکراوە، لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە کە خۆی لە باسکردن و شیکردنەوەی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دەبینێتەوە و دواتر لە لایەنی شیکاریدا لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووین، کە تێیاندا وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوە دراوەتەوە، لەوەی گوتاری ڕکوکینە ڕووبەرێکی گەورەی لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە بە تایبەتی پێگەی فەیسبووک کە ژینگەی توێژینەوەکەمانە، ئەوەش لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەتر دەکات هەروەها زەمینەسازییە بۆ دروستبوونی تاکی توندڕەو.



**وشە کلیللییەکان**: گوتار، ڕکوکینە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

## تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

## (توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک)

### پێشەکی:

کۆمەڵی مرۆڤایەتی تێکڕا بەڵام بە ڕێژەی جیاواز ڕووبەڕووی فشارێکی گەورە و تەوژمێکی بەهێزی گوتاری ڕکوکینە بۆتەوە، بۆیە ڕێکخراوە جیهانییەکان و بە تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگای دەرکردنی چەندین بڕیار هەوڵیداوە کە ڕێگری لە زیاتر تەشەنەکردنی ئەو گوتار بکات، کە هۆکاری دروستبوونی شەڕ و کوشتار بووە، لە زۆر جێگادا هۆکار بووە بۆ ئاوارەبوون و دەربەدەربوونی ملیۆنان کەس لە سەرتاسەری جیهان.

تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بە دەرچوون لەو چوارچێوەی بۆیان کێشراوە، ئەو ئامانجەی لە پێناویدا دروستکراون، بە ڕادە و ڕێژەیەکی زۆر بوونەتە سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕکوکینە، کە لە بەرئەنجامدا ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و قبوڵکردنی ئەوەی دیکە (وەک ئەوەی هەیە نەک وەک ئەوەی ئێمە خۆزگەی بۆ دەخوازین)، ئەوانە لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە تەواوی ئادگارەکانیان وەدیارکەوتن و کاریگەرییان تەواو دیارە و ئێستا لەگەڵ دەرئەنجامەکەیان دەژین لە توندتر بوونی ململانێی سیاسی و یەکتر قبووڵنەکردن و بوغزاندنی ئەوەی دیکە.

ئەو شێوازە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی گوتاری جیاواز و هەمەجۆر لە ڕکوکینە و ڕەخنەگرتن و ئازادیی ڕادەربڕین، کە داوەموێک لێکیان جیا دەکاتەوە. پێویستە مافی ڕا و ئازادیی ڕادەربڕین بۆ هەموو کەس و لە هەموو بوار و کاتێکدا فەراهەمبکرێ و هەموو کەسێک بتوانێ ئەو مافەی بەکاربێنێ بەو شێواز

و له ڕێگای هەر هۆکارێک که خۆی پەسندی دەکات. بەهۆی نەبوونی زانیاری دەربارەی چۆنیەتیی کەلکوەرگرتن لەو مافه هەروەها بەهۆی پەروەردەیەکی نادروستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە زەمینەیەکی لەبار و بە پیت بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری ڕکوکینە بە تەجاوزکردنی قۆناغ و سنووری گوزارشتکردن له بۆچوون، بەڵکو له جیاتی ئەوە هانی توندوتیژی و ڕوشاندن و هێرشکردنە سەر کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتیی کەسەکان جێگای گرتۆتەوە.

## ١- چوارچێوەی توێژینەوە

### ١-١ کێشەی توێژینەوە

له چەند ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان، کێشه و ململانێی زۆری بەخۆوە بینیوە، چ له سەر ئاستی ناوخۆ یان له سەر ئاستی هەرێمایەتی، که کاردانەوە و کاریگەریی زۆریان له سەر داڕشتنەوەی گوتاری میدیایی بە گشتی و سۆشیال میدیا بە تایبەتی هەبووە، که دیارترین و کاریگەرترین گوتار که فراوانترین ڕووبەری له دونیای مەجازیی ئەنتەرنێت داگیرکردووە گوتاری ڕکوکینەیە، که مەترسییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دروستکردووە، له سەر ئاستی و تاک و کۆمەڵیشدا، کاریگەریی گوتاری ڕکوکینە له کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا، له ڕووی ناوەڕۆک و شێوە و گوزارشت و دەربڕین، هەروەها مەترسی و کاریگەرییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تر جیاوازە، چونکه ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی سیاسیی هەیە، که دوو بەرە و ئاراستەی دروستکردووە، ئەمەش دابەشبوونێکی ستوونی و ئاسۆیی کۆمەڵگای بەدوای خۆدا هێناوە، ئەوەش بە تەواوی له میدیای نوێدا (میدیای جڤاکی و دیجیتاڵ میدیا) دیارە. لەو توێژینەوەیەدا بە دوای دیاریکردنی ڕەهەندەکانی ئەو کێشەیە و چۆنیەتیی تەشەنەکردنی دەکەین له سەر ئاستی پەیامدەر و وەرگر.

## ١-٢ گرنگیی توێژینەوە

گرنگیی لایەنی تیۆریی ئەو توێژینەوەیە لە بابەتەکەیدایە، کە گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری دروستکردووە لە هەموو ناوەندە میدیایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی هەڵکشانی گوتاری ڕکوکینە لە ناو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا چەند هۆکارن و ڕۆڵیان هەیە. گرنگیی پتری توێژینەوەکە ئەوەیە کە توێژینەوەی لەو جۆرە (بە گوێرەی زانیاریی توێژەر) یەکجار کەمن، کە هەوڵبدەن چەمک و شێوە و لێکەوتەکانی گوتاری ڕکوکینە بناسێنن، لە چوارچێوەی ئەو ڕۆڵەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیگرێن لە تەشەنەکردنی ئەو جۆرە گوتارە.

## ١-٣ پرسیارەکانی توێژینەوە

پرسیارەکانی توێژینەوە لایەنێکی گرنگن لە پێکهاتەی توێژینەوەی زانستی، کە پێویستییان بە وەڵامدانەوە و شیکردنەوە هەیە، بۆیە توێژەر کۆمەڵێک پرسیاری بۆ ئەم توێژینەوەیە داڕشتووە، تاکو لە ڕێگەیانەوە بگاتە وەڵام و دەرئەنجامەکان، گرنگترین پرسیارەکانیش ئەمانەن:

ئایا میدیای نوێ ڕۆڵی لە تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە هەیە؟

شێواز و ئاستەکانی دەربڕین و بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕکوکینە چۆن و چین؟

هۆکارەکانی پشت تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە چین؟

گرنگترین ئەو لایەنانەی کە لە ژێر کاریگەریی گوتاری ڕکوکینەدان کامانەن؟

**١-٤ ئامانجەکانی توێژینەوە**

لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین بەو ئامانجانە بگەین:

گوتاری ڕکوکینە و شێوازەکانی بەکارهێنانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەروەها کاردانەوەی ئەو گوتارە لە سەر ئاستی کۆمەڵگەدا.

لێکەوتەکانی گوتاری ڕکوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

دیاریکردنی ژێدەرەکانی گوتاری ڕکوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

ڕۆڵی کەناڵە میدیاییەکان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕکوکینە.

**١-٥ ڕێبازی توێژینەوە**

بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی دروست و زانستی لەو توێژینەوەیدا پشت بە ڕێبازی وەسفی بەستراوە و تێبینیکردن وەک کەرستەی کۆکردنەوەی داتاکان سوودی لێوەرگیراوە و دواتر لە ڕێگای ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک داتاکان شیدەکەینەوە.

**١-٦ نموونەی توێژینەوە**

نموونەی توێژینەوەکە لە پەڕەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکی دوو پڕخوێنەرترین ماڵپەڕی کوردی، یەکەمیان ماڵپەڕی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) و ماڵپەڕی (دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن) لە ماوەی 2021/4/5 تا 2021/5/5، فۆکس لە سەر سێ ڕووداو کراوە کە لەو ماوەیەدا گەورەترین ڕووبەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بایەخی خەڵکیان داگیرکردبوو.

**١-٧ ناساندنی چەمکەکان:**

**گوتار**: بریتییە لە هەر جۆرە شێوازێکی دەربڕین، لە شێوەی بیرۆکە یان بۆچوون لە بەرانبەر جەماوەر، بە شێوەی نووسراو یان گوتراو بێت، بینراو یان بیستراو بێت، لە چوارچێوەی کارێکی هونەری بێت یان گوتارێکی ڕۆژنامەوانی، ئەو گوزاشتە (گوتار) بە هەر ڕێگا و شێوازێک بڵاوبکرێتەوە، لە ڕێگای پەیوندیی کەسییەوە یان میدیای جەماوەرییەوە (Mass Media) بێت یاخود لە ڕێگای میدیای نوێوە. (New Media)

**١-٧-١ گوتاری ڕکوکینە:** وا پێناسە دەکرێ کە گوتارێکە کە ڕکوکینە بڵاودەکاتەوە، لە ڕێگای هاندان و وروووژاندنی خەڵک لە سەر ئەو ڕکابەرییانەی هۆکارەکانیان ڕەنگ و ڕەگەز و ڕەچەڵەک و نەتەوە و بیرباوەڕ هەیە، کە لایەنێک ئەوەی دیکە پشت گوێبخا و پێشێلی مافەکانیان بکات یان پێیانەوە ڕەوا نەبینێت، هەروەها تۆمەتبارکردنی ئەوەی دیکە بە خیانەت و گەندەڵی (شیماء, ٢٠٢١(p. 6 ,

**١-٧-٢ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** کۆمەڵێک ئەپلیکەیشنن، کە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی و تەکنەلۆژی دادەمەزرێن، کە ڕێگەی بە دروستکردن و ئاڵوگۆڕکردنی ئەو بابەتانە دەدەن کە بەکارهێنەران دروستیان دەکەن، هەروەها دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە دروستبکەن بەبێ گوێدانە کات و شوێن.

**١-٧-٣ هەرێمی کوردستان:** هەرێمێکی فیدراڵی، نەتەوەیی و ئابووریی خۆبەڕێوەبەرە لە ناو کۆماری فیدڕالی عێراقدا، لە ڕۆژهەڵاتەوە کوردستانی ئێران، لە باکوورەوە تورکیا، لە ڕۆژئاواوە سوریا و لە باشوورەوە لەگەڵ عێراق سنوورەکانی پێکدێنن، پایتەختەکەی شاری هەولێرە کە کۆنترین شاری جیهانە کە ژیان تێیدا بەردەوامە، هەروەها شارەکانی سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ناوچە

جێناکۆکەکان وەک ئەوەی لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دیاریکراوە هاوبەشە لە بەڕێوەبردنیان کە شاری کەرکوک گرنگترین ئەو ناوچانەیە.

دەزگای خەندان:ماڵپەری خەندان بەشێکە لە دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن.
ماڵپەری خەندان پێکهاتووە لە بەشەکانی (کوردی، عەرەبی، وەرزش، لایف).
هەوڵدەدات بە شێوەیەکی پیشەییانە ڕووماڵی هەواڵ و بابەتە ناوخۆیی و جیهانییەکان بکات بۆ خوێنەرانی.

## ١-٨ توێژینەوەکانی پێشوو:

**١-٨-١ توێژینەوەی یەکەم:** لە ژێر ناونیشانی (خطاب الكراهية في شبكة الفيسبوك في الأردن دراسة مسحية) لە لایەن توێژەر (ناصر الرحامنة) وەک داواکارییەک بۆ وەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زانکۆی (جامعة الشرق الأوسط) لە ساڵی 2018.

توێژینەوەیەکی وەسفییە، کە پشتی بە فۆڕمی ڕاپرسی بەستووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، لە نموونەی هەڕەمەکی (400) کەسی لەخۆگرتووە لە پێکهاتە جیاوازەکانی دانیشتووی شاری عەمانی پایتەختی ئوردن.

**گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

چەمکی ڕکوکینە کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک زۆر بەکارهاتوون، جۆراوجۆرن، لە پێش هەموویان 'شێواندنی ڕاستییەکان یان بە درۆخستنەوەیان' دوای ئەوە 'قبووڵنەکردنی ئەوەی دیکە'

لێکەوتەکانی بڵاوبوونەوەی گوتاری ڕکوکینە لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، دەرئەنجامەکان ئەوە دەڵێن کە ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە کار بۆ نانەوەی ئاشووب لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەکەن، کە بە لێکدوورکەوتنەوە و ڕک لە یەکبوونەوە کۆتاییدێت.

دەربارەی ئەو ڕۆڵەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک دەیگێڕێ لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕکوکینە و توندوتیژی، بە سروشتی بەکارهێنەرەکە گرێدراوە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و زانستی کە بەشدارە لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی نادروست.

ئەوەی پەیوەندی بە کاریگەریی گوتاری ڕکوکینە هەیە لە ڕێگای فەیسبووکەوە لە سەر دامەزروە ئاینی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکان لە کۆمەڵگەی ئوردنی، دەرئەنجامەکان ئەوە نیشاندەدەن کە ئەو گوتارە هۆکارە بۆ توندڕەوی و ڕکابەریی مەزهەبی و ئاینی، هۆکاریشە بۆ لێکترازانی کۆمەڵایەتی.

**١-٨-٢توێژینەوەی دووەم:** بە ناونیشانی (دور وسائل التواصل الاجتماعي في نشر خطاب الكراهية من وجهة نظر الصحفيين الأردنيين) لەلایەن هەردوو توێژەر (د.صخر أحمد الخصاونة ود. سهل علي العتوم) بۆ پەیمانگای میدیایی ئوردن ئەنجامیانداوە، لە گۆڤاری (زانکۆی ئیسلامی بۆ توێژینەوەی شەرعی و یاسایی) بڵاوکراوەتەوە لە سەرەتای ساڵی 2021 .

لەو توێژینەوەیە ڕێبازی وەسفیی شیکاری بەکارهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان پشت بە فۆرمی ڕاپرسی بەستراوە کە لەلایەن 300 قوتابی وەڵامدراوەتەوە.

**گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

بە گوێرەی ئەو توێژینەوەیە گوتاری کاتبەسەربردن (Entertainment) بە پلەی یەکەم دێ بە ڕێژەی 31%، گوتاری ئاسایی بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی 29% و گوتاری ڕکوکینە بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی 19%.

گەورەترین ڕێژەی گوتاری ڕکوکینە لە نێوان بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازیی بۆچوون و هەڵوێستە بە ڕێژەی 42%، دوای ئەوە جیاوازیی نێوان ئاین و ئاینزاکان دێت بە ڕێژەی37%، گوتاری ئاینی و تائیفی لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی 8%.

66% ڕۆژنامەوانن باوەڕیان وایە کە ژینگەی کۆمەڵایەتیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەکردنی گوتاری ڕکوکینە هەیە، لە بەرانبەردا 34% لە ڕۆژنامەوانان بۆچوونیان پێچەوانەیە.

ژمارەی زۆری بەشداربووان هاوڕان لە سەر ئەوەی کە گوتاری ڕکوکینە بەرفراوانە و وشە و دەستواژەی زۆر لەخۆدەگرێت.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕکوکینە هەیە، یارمەتیدەرە بۆ بڵاوبوونەوەی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی لە هەڵسوکەوت و دەربڕیندا، کار بۆ تەشەنەکردنی ترس لە توندوتیژی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

زۆرینەی بەشداربووان کۆکن لە سەر ئەوەی کە بڵاوبوونەوەی گوتاری ڕکوکینە هۆکاری ئاشووبسازییە لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، کە دەبێتە هۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتی و نەمانی گیانی داهێنەرانە و هاندانی هەنجان بەرەو توندڕەوی.

**١-٨-٣ توێژینەوەی سێیەم:** بە ناونیشانی (خطاب الكراهية على وسائل التواصل الاجتماعي) لەلایەن دامەزراوەی (مهارات)ی لوبنانی لە ساڵی 2018 ئەنجامدراوە و بڵاوکراوەتەوە. ئەو توێژینەوەیە پشتی بە ڕێبازی شیکاریی چەندایەتی و چۆنایەتیی داتاکان بەستووە لەگەڵ ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆک.

**گرنگترین ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە:**

ئەوە بە دیاردەخات کە زۆرینەی گوتارەکانی ڕکوکینە لە هەژمارە کەسییەکان بڵاودەکرێنەوە.

دیارترین جۆری گوتاری ڕکوکینە هاندان و زەمینەسازییە بۆ توندوتیژی.

زۆرترین دەستەواژەی دووبارە لە گوتارەکانی ڕکوکینە بێڕێزیکردن بووە بە کەسایەتییەکان، هەروەها هەڕەشەکردنی ڕاستەوخۆ بووە.

ژێدەری زۆربەی ئەو بابەتانەی گوتاری ڕکوکینەیان لەخۆگرتووە لە نووسین و پارچەی دەنگی و وێنە، ئەوانە بووینە کە دەستکاریکراون و بە مەبەست و بە شێوازێکی دیکە چاککراون.

**١-٨-٤ توێژینەوەی چوارەم:** بە ناونیشانی (النظريات المفسرة للعنف و خطاب الكراهية في وسائل الاعلام) کە لەلایەن (الدكتور مصطفى حميد كاظم الطائي) بۆ (جامعة عجمان- االمارات العربية المتحدة) ئەنجامدراوە و لە بەرگی 19 ی ژمارە 2 ی گۆڤاری (المجلة الجزائرية لالتصال) لە ساڵی 2020 بڵاوکراوەتەوە.

لەو توێژینەوەیدا ڕێبازی وەسفی و ڕێبازی شیکاریی ناوەڕۆک بەکارهاتووە، لە شیکردنەوەی داتاکان کە پەیوەندییان بە نێوان کێشە و

دەرئەنجامەکانەوە هەیە بە شێوازی چوون لە بەشەوە بۆ هەمووو (من الجزء الی الکل و من الکل الی الجزء) لە دۆخی هەڵێنجان و گشتاندندا.

**گرنگترین ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە:**

گوتاری ڕکوکینە وەک دیاردە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە، ئەو ژینگەیەی تاک تێیدا پەروەردەدەکرێ هزر و خواستەکانی ئاراستە دەکات.

لە کاتی ڕووداوی نائاسایی زەمینە لەبارتر دەبێت بۆ گەشەکردنی گوتاری ڕکوکینە، چونکە ئەو گوتارە هێز لە ناوەوەی تاکەکان وەردەگرێ و پاشان دەپەڕێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە گوتاری کۆمەڵێک و هەندێکجاریش دەبێتە گوتاری زۆرینە.

ملکەچبوونی زۆربەی دەزگا میدیاییەکان لە سەر ئاستی جیهانی و هەرێمایەتی و وڵاتانیشدا بۆ وەبەرهێنانی بازرگانی و گۆڕینی بابەتە میدیاییەکان بۆ کاڵا کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێ و بە چاوی زیان و قازانج مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، هۆکارن بۆ جێکردنەوەی ئەو جۆرە گوتارانە و گەشەکردنیان.

تا ئەو ڕادەیە ڕوونبۆتەوە کە دەزگاکانی میدیا ترسناکترن لە لولەی تفەنگەکان، کاتێک بۆ چەواشەکردنی کۆمەڵگە و شەڕی دەروونی وەکاردەخرێن بۆ بە ئامانجگرتنی ورەی خەڵکەکە.

**١-٩ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:**

دوای ئەوەی ئەو توێژینەوەیە بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی زانستی شیکاری بە چەند ئەنجامێکی دروست و زانستی گەیشتووە، لە ڕووی ڕێباز و ئەنجامەکانی لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو خاڵە هاوبەش و لێکچوو و جیاوازەکانی دەخەینەڕوو:

**١-٩-١ له ڕووی جۆر و ڕێبازەوە:**

له ڕووی جۆری توێژینەوە و ڕێبازی بەکارهاتوو تێیدا ئەم توێژینەوەیە خاڵی هاوبەشی و خاڵی جیاوازی لەگەڵ هەر چوار توێژینەوەکە هەیە، چونکە پشتی بە ڕێبازی تێبینیکردن بەستووە، دواتر شیاکاریی ناوەڕۆکی بۆ داتاکان کردووە.

**١-٩-٢ له ڕووی ئەنجامەوە:**

لەگەڵ هەر چوار توێژینەوەکەی پێشوو خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەیە، بە ئاستی جیاواز، لەگەڵ توێژینەوەکانی (الرحمانة, موسسة المهارات, الطائي) خاڵی هاوبەشی زۆریان هەیە، لەگەڵ توێژینەوەکەی (د. الخصاونة – د. العتوم) خاڵی هاوبەشی کەم و جیاوازی زۆر هەیە.

**١-٩-٣ له ڕووی خستنەسەری ئەکادیمیەوە:**

ئەو توێژینەوەیە لە دوولاینەوە شیکاری گوتاری ڕکوکینە دەکات، یەکەم لەلایەنی پەیامدەرەوە، واتە چۆنیەتیی بڵاوکردنەوەی بابەت لەلایەن دەزگاکانی میدیاوە، کە بۆ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو بە گوتاری ڕکوکینە بارگاویکراون. دووەم، لایەنی وەرگر و چۆنیەتیی پێشوازیکردنی لەو گوتارە و کارلێک کردنی لەگەڵیدا، بە وەرگرتنی نموونە لە هەردوو لا و کۆکردنەوەی داتا لە سەر هەردوو ئاستەکەدا، دەمانگەیێنێ بە ئەنجامێکی زانستی لە دیاریکردنی ئاست و ڕووبەری تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە لە هەرێمی کوردستاندا.

## ٢- تەوەرەی یەکەم گوتاری ڕکوکینە (پێناسە، چەمک، هۆکار، گەشەکردن)

### ٢-١ پێناسەی ڕکوکینە:

دەستەواژەی ڕکوکینە لە ڕووی پێناسەکردنەوە هێشتا جێگای مشتومڕە و یەکلاییەنەبۆتەوە، بەهۆی جیاوازیی لێکدانەوە و دیاریکردنی ڕەهەندەکانی بە شێوەیەک کە جێگای پەسندی گشتی بێت

)عبدالسلام، ٢٠٢١(، زۆربەی توێژەران کۆکن لە دیاریکردنی هەندێک ئادگار و ڕەهەندەکانی دەستەواژەی ڕکوکینە، کە هەستێکە یان هەستگەلێکی قێزەونە یان نەفرەتکردن و دژایەتییە، یان هاوسۆزنەبوونە لەگەڵ کەسێک یان هزرێک یان شتێک یان دیاردەیەکی دیاریکراو )بوجمعة، ٢٠٢٠(، وشەی ڕکوکینە زۆربەی جار ئەوانە دەگرێتەوە لە وەسفێکی نەرێنیی شتێک کە ڕەنگدانەوەی هەڵوێست وەرگرتنێکی پێشوەختە بێت، یان لایەنگرییەکی کوێرانەی لایەنێک لەسەر حیسابی لایەنەکەی دیکە، هەروەها دەمارگیری و دژایەتیکردنی کۆمەڵێک یان پێکهاتەیەک یان چینێکی کۆمەڵایەتی یان ڕەوتێکی سیاسی یان هەر کۆمەڵە و یەکەیەک کە وەک خۆیان قبووڵنەکرێن.

### ٢-٢ چەمکی ڕکوکینە

بیرمەندان لە ئەرستۆوە بۆ دیکارت و فرۆید لێکدانەوەی جیاواز و زۆریان بۆ ڕکوکینە کردووە، دیکارت باوەڕی وایە کە ڕکوکینە درککردنە بەوەی کە شتێکی خراپ لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە و خۆتی لێ دوور دەگری. ئەرستۆ بەو شێوەیە بۆی چووە کە ڕکوکینە ویستی لە ناوبردنی گیاندرایێکی نەخوازراوە، دیڤد هیۆم وای دەبینێ کە هەستی ڕکوکینە کورتناکرێتەوە و دیاریناکرێ، زۆربەی جار دەبێتە هۆی لەناوچوونی

هەردووڵا )بوجمعة، ٢٠٢٠(، یەکێتیی ئەوروپا بەو شێوەیە چەمکی ڕکوکینەی دیاریکردووە؛ کە هەموو جۆرە گوزارشتێکە کە بڵاودەکرێتەوە یان هاندانی لەخۆدەگرێ یان بەهانە بۆ دژایەتیی ڕەگەزی و بیانی دەهێنێتەوە، کە بنەمایەکی توندڕەوی هەبێت، لە شێوازی دژایەتیکردنی نەتەوەیی و ئاینی یان جیاکاری بەرانبەر پەناهەندە کە گوزارشتیان لێ بکرێت )خمایسة، ٢٠١٩(

## ٢-٣ هۆکارەکانی دروستبوونی گوتاری ڕکوکینە

بە هەڵە وێنەکردنی ئەوەی دیکە، ترس لە کێبڕکێ، وا هزر بکەی ئەوەی دیکە دژتە یان دوژمنتە، ڕۆشنبیریی گشتی و پەروەردە و فێرکردن کەرستەن بۆ چۆنیەتیی خوێندنەوەی مێژوو. )صالح، ٢٠٢٠( زۆر لە میللەتان وەک دیلی ڕووداوە دیرۆکییەکان دەمێننەوە، هەروەها جیهانبینی، نەگەیشتنی زانیاری، زۆر لە هەڵوێست و بۆچوونەکان لە سەر بنەمای نەبوونی زانیاری و بۆچوونی پێشوەختە دروستدەکرێن.

## ٢-٤ گەشەکردنی گوتاری ڕکوکینە

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕوانگەی میدیایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکا، کە لە ژێر ناوی (گوتاری ڕکوکینە و وورووژاندنی. دیاردە و چەمک و میکانیزمی بەرەنگاربوونەوە) کە لە ساڵی 2019 بڵاوکراوەتەوە، گەشەکردنی گوتاری ڕکوکینە بۆ پێنج ئاست دەگەڕێنێتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە لە هەر پێنج ئاستدا دەستەواژەی (ئەوەی دیکە – الاخر) بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئامادەیی هەیە. لە ئاستی یەکەمدا، کە زیاتر لە کاتی هەڵبژاردنەکان بەدیاردەکەوێ ئەویش لە شکاندنی یەکتر و تۆمەتبەخشینەوە و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکدی کە زیاتر سیاسەتڤانان سەرچاوەی ئەو جۆرە گوتارانەن. لە ئاستی دووەمدا، مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکرێ و لێرەدا وشە بێبەری نییە لە هەڵگرتنی

پەیامی ڕکوکینە، چونکە وەک چۆن وشە دەتوانێ پەیامی خۆشەویستی و لێبوردەیی هەڵگرێ بەهەمان شێوە دەتوانێ پێچەوانەکەشی بکات. لێرەدا سەرنج دەچێتە سەر میدیاکاران کە دەبنە بەشێک لە ناوەندی بەرهەمهێنانی گوتاری ڕکوکینە. لە ئاستی سێیەمدا. دروستکردنی وێنەیەکە کە پشت بە خەیاڵ و ئەو گوتارە دەبەستێ کە بۆتە بەشێک لە باوەڕ و بۆچوون واتە وێناکردنی (ئەوەی دیکە)، وەک ئەوەی لە میدیای و سۆشیال میدیای کوردیدا بۆتە دیاردە بە شەیتانکردنی ئەوەی دیکە، وەک توێژەری فەڕەنسی جۆن ڤاز لەو بارەیەوە دەڵێ:' بەبێ ئەگەر (ئەوەی دیکە) نەبێت ئەوە (من) بوونی نییە، ئەوەش یەکێکە لە داهێنانەکانی مێژوو'. لە ئاستی چوارەمدا، دەستەواژەی (ئەوەی دیکە) بە مەبەستی ئینکارکردن بەکاردەهێندرێ. لە ئاستی پێنجەمدا، دەگاتە ئەو ئاستەی کە پێشێلکردنی مافەکانی (ئەوەی دیکە)یە و نەهێشتنی ئازادی و هەوڵدانە بۆ سڕینەوە )بوجمعة، ٢٠٢٠(.

### ٣- بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گوتاری ڕکوکینە

### ٣-١ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

مەبەست لە تۆڕ (پێگە)کۆمەڵایەتییەکان ئەو پێگە و سەکۆ و پڕۆگرام (Application)انەیە کە پشت بە تۆڕی ئەنتەرنێت دەبەستن لە پێناو ئاسانکاریکردن بۆ پەیوەندیکردنی بەکارهێنەران و گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان خۆیاندا لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و مۆبایلی زیرەک.

ئەو سەکۆیە ئەلکترۆنییە کۆمەڵایەتییانەن کە بە ستوونە سەرەکییەکانی میدیای نوێ دادەندرێن، کە دەرفەت بە تاک و گروپەکان دەدات پەیوەندیان هەبێت لە ناو بۆشاییەکی گریمانەیی )الرحامنة، (2018، لە ڕێگای ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە هەر کاتێک و لە هەر شوێنێک خەڵک

دەتوانێ پەیوەندیان هەبێت، پەیوەندی دەنگ و ڕەنگ و ئاڵوگۆڕکردنی وێنە و تێکست و شتی دیکەش.

## ٣-٢ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبوونەوەی گوتاری ڕکوکینە:

بە چڕی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوکارن کە مانا و بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز لە سەرتاسەری دونیا دروستببن، ئەوانە ڕەنگە لەگەڵ دونیای ڕاستەقینە جیاواز بن، ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە دەرفەتیان بۆ کەسانی توندڕەو ڕەخساندووە کە لەو سەکۆیانە یەکدی بگرنەوە، لە شوێنی لە یەک دوور و بە ناو و ناونیشانی وەهمی، ئەوەش وای کردووە کە پڕۆسەی پەیوەندی کردنیان ئاسانتر و هەرزانتر و بێ ترستر بێت، لە پێناو خۆکۆکردنەوە و ئامادەکاری بۆ بڵاوکردنەوەی گیان و گوتاری ڕکوکینە دەربارەی کۆمەڵە و دەستەی دیاریکراو )الخصاونة، ٢٠٢١(

وێڕای ئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک لە ناوەکەی دیارە لە فراوانبوونی پەیوەندیی نێوان تاکەکان لە شوێن و ژینگە و کۆمەڵگەی جیاوازەوە بە ئاراستەیەکی ئەرێنی کاریگەری زۆری هەبووە، ئەوە لایەنی نەرێنیی ئەو کاریگەرییە خەریکە لایەنە ئەرێنییەکەی دابپۆشێ بە هۆی تەشەنەکردنی بڵاوبوونەوەی هزری نەشیاو و فەرهەنگی جیاکاری و گوتاری ڕکوکینە لە نێوان پێکهاتە و ئاین و نەتەوەکاندا )الرحامنة، (2018 لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان ئەو دیاردەیە زۆرتر دیارە و قووڵتر ڕووچووە و گەیشتۆتە ئاستی کینە بەرانبەر شار و حیزب و گرووپ و کۆمەڵەی جیاواز.

### ٣-٣ فەیسبووک گەورەرتین سەکۆی کۆمەڵایەتی

ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە لە تەنها پێگەیەک بۆ نمایشکردنی وێنەیەکی کەسی و پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێیان و خێزان گۆڕا بۆ کەناڵی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە ئەلکترۆنییەکان و سەکۆیەک بۆ نمایشکردنی بۆچوون و هزری سیاسی و لەوەش زیاتر ڕۆیشتووە تا ئەو ڕادەیەی ئەوەی زۆر لە هێز و ئاراستە سیاسییەکان نەیانتوانیوە بیکەن لەو سەکۆیە دەکرێ لە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی یەکجارزۆر لە دەوری ئەو بۆچوون و هزرە سیاسییانە )الرحامنة، 2018، (p. 17 ، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بۆیە سەکۆیەکی سەرەکیی بازاڕسازی، کە هەزاران کۆمپانیای گەورە و بچووک پشتی پێ دەبەستن بۆ پەیوەندیکردن بە جەماوەرەکەیانەوە، بە هەمان شیوە زۆرینەی ڕۆژنامە بە کاغەزی و ئەلکترۆنییەوە بۆ گواستنەوەی هەواڵەکانیان و پەیوەندییان لەگەڵ خوێنەرانیان پشتی پێدەبەستن، وەک چۆن ئامرازەکانی دیکە میدیای جەماوەری (Mass Media) پشتی پێدەبەستن.

### ٣-٤ فەیسبووک و گوتاری ڕکوکینە:

دامەزراوەی (بيت الاعلام العراقي) لە ساڵی 2017 کتێبێکی بە ناوی (قاموس الكراهية) دەرکرد، ئەو کتێبە ئەو دەستەواژە و چەمک و گوزارشتانە لەخۆدەگرێ کە بە شێوەیەکی ترسناک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوونەتەوە و خەریکە جێگای ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و گفتوگۆ دەربارەی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، ئەو گوزارشتانە لەخۆدەگرێ کە لە دژی پێکهاتە و نەتەوەکان بەکاردەهێندرێن کە زیاتر پاڵنەری ئاینی و سیاسییان لە پشتەوەن. لە ڕاپۆرتی سێیەم لەو کتێبەدا بەدیاردەکەوێ کە زۆرینەی گوتارەکانی ڕکوکینە چ لە ڕوانگەیەکی ئاینییەوە بن یان سیاسی بە شێوەیەکی بەرفراوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک وەک سەکۆیەکی بڵاوکردنەوە

و بانگەشە بۆ کردن بەکاردەهێنن )العراقي، ٢٠١٧(، بە گوێرەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەکان لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانە سیاسییەکان و ڕووداوە ئەمنییەکان، هەروەها بۆنە و یادە ئاینییەکان بەکارهێنانی گوزارشتەکانی ڕکوکینە بە ڕێژەیەکی مەترسیدار زێدە دەبن.

**٤- لایەنی شیکاریی توێژینەوە:**

گوتاری ڕکوکینە بە شێوازی جیاواز و لە سەر ئاستی جودادا لە میدیای کوردیدا بە گشتی و بە تایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵەکەبووە، کە فەیسبووک بەربڵاوترینیانە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە پەیڕەوکردنی ڕێبازی تێبینیکردن گونجاوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا کە لە حاڵەت و دیاردە دەرچووە و خەریکە دەبێتە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی، کە وەک شانە تووشبووەکانی شێرپەنجە بە هەڕەمەکی زیاد دەکا و بڵاودەبێتەوە. لێرەدا هەوڵدەدەین لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی چەند حاڵەتێک وەربگرین کە لە ڕێگەیانەوە بتوانین دەست لە سەر ڕەهەندەکانی گوتاری ڕکوکینە دابنێین و دیاریان بکەین، نموونەی توێژینەوەکە لە 2021/4/5 تا 2021/5/5 کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بۆتە ڕۆژەڤ و قسە و کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە.

**٤-١ لە سەر ئاستی سیاسیدا:**

لە ڕۆژی 2021/5/2 کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی عەبدوڵڵای کوێخا موبارەک کە ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان و بەرپرسی مەکۆ (ناوەندی ڕێکخستنی بزووتنەوەکە)ی چەمچەماڵ بوو، کە تێیدا بە فەرمی ڕایگەیاند پەیوەندی بە بزووتنەوەی گۆڕان نەماوە و پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە لە پەڕەی فەیسبووکی تۆڕی میدیایی ڕووداو بە شێوەیەکی زیندی

گوازرایەوە لە ماوەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا کە تێیدا وەڵامی ڕۆژنامەوانانی دایەوە و ماوەی 41 خولەکی خایاند هەڵوێستی ئەو کەسانەی کاردانەوەیان لەگەڵی هەبووە بەو شێوەیە بوو، ژمارەی بینەرەکانی (views) لە (k٧٥٠) حەفت سەت و پەنجا هەزار بووە، جگە لە تەنها بینین بەو سێ جۆرەی لەو خشتەیەی خوارەوە ڕێژەکانیان دیاریکراوە کاردانەوە هەبووە.

خشتەی(1) ژمارە و جۆری کاردانەوەکان

| ژ | جۆرکاردانەوە | کاردانەوە بە ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | لایک | 47.000 | %73.73 |
| 2 | کۆمێنت | 9500 | %14.89 |
| 3 | ئیمۆجی | 7262 | %11.38 |
| کۆی گشتی | | 63,762 | %100 |

لەو سێ جۆری کاردانەوەیە، کە لایک بە ڕێژەی هەرە گەورە دێ بە جیاوازییەکی زۆر لێرەدا واتە پاڵپشتیکردن و پەسندکردن ناگەیەنێ، بەڵکو ئەوانەش کە دژی هەڵوێستەکەن لایک دەکەن، ئەوە بۆتە عادەت، واتە هەندێکجار ئەگەر هەڵوێستیان (dislike)یش بێت هەر لایک دەکەن. بەڵام ئیمۆجییەکان زیاتر ڕەنگدانەوەی دۆخی دەروونیی خەڵکەکە و پەرچەرداریان نیشاندەدە، لە خشتەی ژمارەی(2) جۆر و ژمارەی ئیمۆجییەکان دەخەینەڕوو:

کۆمێنت کە نزیکترین گوزارشت لە زمانی کوردیدا ڕەنگە وشەی(تێچینە) بێت، لە ماوەیەکی کورتدا ڕووبەرێکی گەورەی داگیرکردووە لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستە سیاسیەدا کە لە نێو کورددا بە (سەنگەر گواستنەوە) یان (سەنگەر گۆڕین) ناسراوە، لە کۆمێنتەکان کە گوازرشتی دیار و ئاشکرای کەسەکانە و لە ڕێگای وشەوە دەریدەبڕن، لەو ژمارەیە زۆرەی تێچینە لە ڕێگای ئەو خشتەیەوە جۆر و ژمارەی ئەو گوزارشتانە دیاریدەکەین کە گوتار و مانای ڕکوکینەیان هەڵگرتووە.

**خشتەی(2) جۆر و ژمارەی جوێنەکان**

| ژ | جۆری جوێندان | ژمارەی دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | جوێندانی ڕاستەوخۆ | 4110 | %60.05 |
| 2 | جوێندان بە باوەڕی سیاسی | ١٨٤٣ | %26.94 |
| 3 | جوێندان بە ڕابردوو | ٥٦٧ | %08.28 |
| 4 | جوێندان بە خێزان و عەشیرەت و شار | 324 | %04.73 |
| | کۆی گشتی | 6844 | %100 |

لە کۆی (9500) کۆمێنت (6844) کۆمێنت جوێندان بوونە، کە لەو چوار جۆرەی لە خشتەی (2) پۆلێنکراون، لە نێوا جوێن و سوکایەتییەکاندا جوێندانی ڕاستەوخۆ بە پلەی یەکەم دێ بە ڕێژەی (%60.05) دواتر جوێندان بەو لایەنە سیاسییە، کە بڕیاری کارکردنی لەگەڵی داوە بە پلەی دووەم دێ بە ڕێژەی (%26.94) بە پلەی سێیەم جوێندان بووە بە ڕابردووی ئەو کەسایەتییە و لە دوا پلەش جوێندان بووە بە کەسوکار و عەشیرەت و شارەکەی.

له جوێندانی ڕاستەوخۆ زیاتر له بیست وشه و دەستەواژەی جیاواز بەکارهاتووه وەک (خۆفرۆش) که زۆرترین جار دووباره بۆتەوە، (مەسینەهەڵگر) و (کۆیله) به پلەی دووەم دێن له دووبارەبوونەوە، دەستەواژەی (ناموبارەک) که هەڵگەڕاندنەوەی ناوی باوکیەتی که ناوی(موبارەک)ه له دوای ئەوانەوه دێ. وشەی سووک به دەربڕینی جیای وەک (چەند سووکه، لوتکەی سووکی، لوتکەی سوکایەتی، سووکی وا) زۆر دووبارەبۆتەوە، له دوای ئەوانەوەش به ڕێژەی جیاواز ئەو وشه و دەستەواژانه بەکارهێندراون (دووڕوو، کەر، پارەپەرست، ڕیسوا، بێهێز و ڕووخاو، سەر سێ گۆشه، بێ حەیا، ڕووڕەش، جاش، داوەشێیت، زۆڵ)

له جنێودان به بیروباوەڕی سیاسی، که پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرایەتیی ئەو باوەڕه سیاسییه دەکات زۆر وشه و دەستەواژەی (جاش ماڵه، پارتی کۆیله، پارتی دز، پارتی گەندەڵ، شوت به پارتی کرد، پارتی ماره بەجاشی کردیەوە)

له سەر ئاستی جنێودان به ڕابردوو و بنەماڵه و عەشیرەت دەستەواژەکانی وەک (به بنەماڵەوه جاشن، باوکیشت خۆفرۆش بوو، چەمچەماڵت سەر شۆڕکرد، گەرمیانی و عەقڵ)

له نێو ئەو کۆمینتانه هەندێک دەستەواژەی وەک (پێویسته ئیعدام بکرێ، ئەگەر نەتتۆپێنن پیاو نین، شایەنی کوشتنی، وەک سەگ هەقه بتتۆپێنن، تۆڵەت هەر لێ دەکەنەوە، ڕۆژێک دێ پەشیمانی دادت نادا، لەبەردەم دادگای گەل ڕیسوا دەکرێ).

**خشتەی(3)  ژمارە و جۆری ئیمۆجییەکان**

| ژ | جۆری ئیمۆجی | ژمارەی ئیمۆجی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | گاڵتەپێکردن | 5100 | %70.22 |
| 2 | خۆشەویستی | 1500 | %20.65 |
| 3 | تورە | 229 | %03.15 |
| 4 | سەرسوڕمان | 194 | %02.67 |
| 5 | باوەش | 146 | %02.03 |
| 6 | گریان | 93 | %01.28 |
| کۆی گشتی | | 7262 | %100 |

لەو خشتەیەدا ڕێژەی گاڵتەپێکردن بەو هەڵوێستە سیاسییە لە هەموویان بەرزترە بە جیاوازییەکی گەورە بە ڕێژەی (%70.22). لە خانەی دووەم نیشاندانی خۆشەویستی بۆ ئەو هەڵوێستە بە ڕێژەی (%20.65) بە پلەی دووەم دێ، ئەگەر لە کۆی هەر شەش جۆری ئیمۆجییەکان لایەنی خۆشەویستی کۆبکەیەنەوە کە دوو جۆر لەخۆدەگرێ (خۆشەویستی و باوەش) کۆی هەردووکیان دەکاتە ڕێژەی (%22.68) لە بەرانبەردا تێکڕای ئەو ئیمۆجییانەی کە گوزارشت لە ڕکوکینە دەکەنەوە ڕێژەیان دەگاتە (%77.32) کە جیاوازییەکی یەکجار زۆر نیشاندەدا.

بە وردبوونەوە لەو ژمارانە و لە ڕێگای هەڵسەنگاندێکی زانستییانە گوتاری ڕکوکینە لە سەر ئاستی سیاسیدا لە تەشەنەکردن و هەڵکشانی بەردەوامدایە، لەو نموونەیە بە ڕوونی دیارە کە پرسی ئازادیی ڕادەربڕین و گوتاری ڕکوکینە تێکەڵ کراوە و لە جیاتی ڕەخنەگرتن و دەربڕینی

بۆچوون بە شێوەیەکی ئاسایی و شارستانیانە پەنا بۆ وشە و دەستەواژەی زبر بردراوە، کە هەڵگری گوتاری ڕکوکینەن چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناراستوخۆ یاخود بەو گوتارە بارگاویی کراون، لە پشت ئەو گوتارەشدا هەست بە هەبوونی هێزێک دەکرێ کە هاندان و ئاراستەکردن دەکاتە کەرستەی فراوانکرنی ئەو گوتارە بە شێوەیەک کە بۆتە ئامرازێک و چەکێک بۆ تۆڵەکردنەوەی سیاسی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بەرانبەر (ئەوەی تر).

**٤-٢ لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئاینی:**

لە ڕۆژی 2021/4/23 لە شاری سلێمانی کچ و کوڕێکی بیانی لە شەقامی سەهۆڵەکە کە قەرەباڵغترین شوێنی سلێمانییە بە تایبەتی لە شەواندا، لە دوای ڕۆژووشکاندن و کاتی پشووی خەڵک لە بەردەم کافێیەکی سەر شەقام (جان کافێ) دەست دەکەن بە سەمای (سالسا) کە سەمایەکە لە ئەمەریکا لاتین باوە و لەگەڵ مۆزیکی لاتینی ( Latin Music) دەکرێ، دیمەنی سەمای ئەو کوڕ و کچە لە ماوەیەکی کورتدا بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەبێتەوە و کاردانەوەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە، ماڵپەڕی خەندان کە یەکێکە لە پڕخوێنەرترین ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیی کوردی، لە پەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک دیمەن (Video)ی سەماکەی بڵاوکردەوە، لە ماوەیەکی کورتدا (211,000) دوو سەد و یازدە هەزار کەس ڤیدیۆیەکەی بینیوە, (5025) کۆمێنت (Comment)ی بۆ نووسراوە، نزیکی هەمان ژمارەش بینەرانی ڤیدیۆکە کاردانەوەیان بە شێوازی جیاواز لە ڕێگای لایک (Like) و ئیمۆجی (Emoji) هەبووە.

لە ڕۆژی 2021/4/24 کچێک لە ناوەندی شاری هەولێر لافیتەیەک هەڵدەگرێ کە لەسەری نووسراوە (باوەشی خۆڕایی) ئەو کچە وەک چالاکوانێکی بزاڤی باوەشی خۆڕایی هەوڵیداوە ئەو کارە بکات (باوەشی

خۆڕایی بزاڤێکی کۆمەڵایەتییە و لەساڵی 2004 لە لایەن پیاوێکی ئوسترالی دامەزراوە کە بۆ ماوەی مانگێک لە یەکی تەموزەوە تا یەکی ئاب، لە ماوەی ئەو مانگەدا کەسانێک لە گۆڕەپان و شوێنە گشتییەکان باوەشی بە خۆڕایی دەدەنە خەڵک وەک نیشاندانی خۆشەویستی و ڕێز و زیاتر مەبەستیانە بەو باوەشە هەستێکی خۆش و مرۆڤانە بدەنە کەسانێک کە تەنیان یان ئەوانەی ئاوارە و پەناهەندەن)، ئەو کارەی ئەو کچە پەرچەکرداری جیاوازی لێکەوتەوە.

تۆڕی میدیایی ڕووداو لە پەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ڤیدیۆی ئەو کچەی داناوە، کە کوڕێکی لەگەڵە، لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێک (250,000)دوو سەد و پەنجا هەزار بینەری هەبووە و (15,000) پازدە هەزار کەس کاردانەوەیان بەرانبەری هەبوو بە لایک (Like) کردن، (6671) شەش هەزار و شەش سەد و حەفتا و یەک کەس کۆمێنت (Comment)یان نووسیوە، (3566) سێ هەزار و پێنج سەد و شەست و شەش کەس ئیمۆجی (Emoji)یان داناوە.

چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو ڕووداوە هەبوو، هەر دوو کردار (ڕووداو)ەکە لە هەرێمی کوردستان بووە، کەسەکانی ناو هەردوو ڕووداوەکە خەڵکی سووریان، هەردوو ڕووداوەکە لە مانگی ڕەمەزان بووە کە پیرۆزترین مانگ و کاتە لای موسلمانان و زۆرینەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانیش بە ئاین موسلمانن. بۆیە لە کاردانەوەکاندا جەختیان لێ دەکرایەوە و شیمانەی بەشێکی زۆری خەڵکیان بە ئاراستەیەکی هاوبەشدا برد. لە جۆری کاردانەوەکان و شێوازی دەربڕین و وەسفکردنی ئەو دوو ڕووداوە زیاتر ئەو لایەنانە بەدیاردەکەون، کە پەرچەکرداری زۆرینەی ئەو کەسانەی کاردانەوەیان هەبووە هاوبەشن دەکرێ لە چەند خاڵێک کۆیان بکەینەوە وەک لەو خشتەی (1) دیارە.

نەخشەی(**3**) دیاربوونی گوتاری ڕک و کینە لە سەر ئاستی کاردانەوە لە ڕێگای کۆمێنتدا

| ژ | جۆری کاردانەوە | سەمای سلێمانی | | باوەشی خۆرایی هەولێر | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| 1 | بێ ڕێزیەک بە ئیسلام و موسلمانان | 2534 | %50.44 | 4167 | %62.48 |
| 2 | دەرچوون لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی | 1325 | %26.36 | 1054 | %15.79 |
| 3 | کاری لەشفرۆشی | 597 | %11.88 | 726 | %10.88 |
| 4 | سزادان | 569 | %11.32 | 724 | %10.85 |
| کۆی گشتی | | 5025 | %100 | 6671 | %100 |

وەک لە ڕێژەی کاردانەوەکان دیارە بەستنەوەی هەردوو ڕووداوەکە و تەماشاکردنی وەک بێڕێزیکردن بە ئاین لە سەرەوەی کاردانەوەکانی دیکەیە، بە کۆمەڵێک دەستەواژە و دەربڕین، جیاواز، کە زۆربەیان لە هەردوو ڕووداوەکە وەک یەک گوزراشتیان لێکراوە وەک (چۆن باران بباریٚ، بە گژ خوا و پێغەمبەر دەچنەوە، بێڕێزییە بە ڕەمەزان، غەزەبی خوای بە دواوەیە، ئاخیری زەمانە، لە قیامەت چ وەڵامدەدەنەوە، ڕووڕەشی دونیا و قیامەت بن، خوا چۆن ڕەحممان پێدەکا، شایەنی یەک بوومەلەرزەین). دەرچوون لە دابونەریت بە پلەی دووەم دیٚ، زۆربەی ئەوانەی ئەو بۆچوونەیان نووسیوە ئەو کارانەیان بە نامۆ بە کۆمەڵگای کوردەواری داناوە، لەو خانەیەدا وشە و دەستەواژەگەلێکی ڕەخنەگرانە بەڵام زبر بەکارهاتوون وەک (بەڕەڵا، قەشمەر، سووک، تف لە خۆتان و باو باپیرتان، بەدڕەوشت، کەی ئەوە ئەخلاقی کوردە، بێ دایک و باوکن، قەحپەی)

لە پلەی سێیەمدا ڕێژەکە کەمترە، بەڵام کاردانەوەکە توندترە کە هەردوو کارەکەیان بە کاری لەشفرۆشی پێناسەکردووە، لێرەدا وشەکان و دەستەواژەکان توندتر و بریندارکەرتر دەبن و گوزارشت لە هەڵکشانی ئاستی توڕەیی ئەو کەسانە نیشاندەدات، کە پەرچەکرداریان هەبووە، ئەو دەستەواژانە زۆر دووبارەکراونەتەوە (لەشفرۆش، خۆهەڕاجکەر، قەحپە، فاحیشە، بێ شەڕەف، بێ ئەخلاق، بێ ناموس)، لە دوا پلەشدا کاردانەوەکە لەوانەی دیکە توندترە، کە هاندانە بۆئەوەی لە ڕێگای توندتیژی دەبوا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، وشە و دەستەواژە بەکارهاتووەکان لە پلەی توندترین دێن بەو شێوەیە (دەبێ تۆڵەیان لێ بکرێتەوە، گەوادێک لەوێ نەبوو بیانکوژێ، تف لە غیرەتی ئامادەبووان، لەوێ بام دەبوا دارکاریان بکەم، دەبوا کچەکە ببەنە بن پردێ تا ئێوارە خەریکی بن، ئەوانە شایەنی تەمبێکردنن، دەبوا ڕێگەیان نەدرابا، تەماشا بکە ئەو هەموو گەوادە دانیشتوون ڤیدیۆیان دەگرن، پیاوی لێ نەبووە ئەگەر نا ئەوها نەدەبوو).

ئەو دوو ڕووداوە وەک لە کۆمێنتەکان دیارە لەلایەن خەڵکەوە گومانی دروستکردووە دەربارەی کات و شوێنی ئەنجامدانی چالاکییەکە، ئەوەش بۆتە پرسیاری سەرەکیی ژمارەیەکی زۆر کە کێ و چ لایەنێک لە پشتەوەی ئەو جۆرە کارانەن و هۆکارەکان چین، بۆچوونەکان بەسەر چەند بەشێک دابەشبووینە لە نێوان هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی، هەروەها هۆکاری غەیبی و تایبەت، لە ڕووداوەکەی سلێمانی (256) دوو سەد و پەنجا و شەش کەس باوەڕیان وایە یەکێک لەو هۆکارانەی لە خشتەی (2) دیاردەبێت لە پشت ئەو جۆرە ڕووداوانەن، لە ڕووداوەکەی هەولێریش (145) سەد و چل و پێنج کەس هەمان بۆچوونیان هەیە.

خشتەی(4) هۆکاری ڕووداوەکان

| | | سەمای سلێمانی | | باوەشی خۆڕایی هەولێر | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | هۆکارەکان | دووبارەبوونەو | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەو | ڕێژەی سەدی |
| 1 | دەستی ناوخۆیی | 103 | %40.25 | 77 | %53.12 |
| 2 | دەستی دەرەکی | 67 | %26.17 | 43 | %29.65 |
| 3 | سیناریۆیی خۆیان | 63 | %24.60 | 16 | %11.03 |
| 4 | هۆکاری غەیبی | 23 | %08.98 | 9 | %06.20 |
| کۆی گشتی | | 256 | %100 | 145 | %100 |

لەو ژمارانە دەردەکەوێ کە هەڵبژاردنی کات و شوێنی هەڵە گومان و شیمانەکان زیاد دەکات و دەبنە هۆکاری ئەوەی کە خەڵک زووتر بکەونە بن کاریگەریی لایەنی سۆزداری، جا لە ئاستی کۆمەلایەتی بێت یان ئاینی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بکەرانی هەردوو ڕووداوەکە لە هەڵبژاردنی کات و شوێندا تووشی هەڵە بوونە، لە مانگی ڕەمەزاندا خەڵک زیاتر بەرانبەر بە پرس و ئاکار و ڕەفتارانەی هەستیاردەبێت، کە پێیانوایە بێڕێزیکردنە یان لادانە لە بەها ئاینییەکان، ئەوەش تاکەکان هاندەدات کە ڕووداوەکان لە یەکتری گرێبدەن و گومانەکان لە یەکتر موتربە بکەن، ئەوەش دەبێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەو لایەن و دەستە و گروپانەی لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو کار لە سەر ورووژاندنی هەست و سۆزی خەڵک بکەن، بە گوێرەی ئەو داتایانە گومانکردن لە دەستی ناوخۆیی (حکومەت، حیزب) بە پلەی یەکەم دێت کە ئەوەیان زیاتر ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی سیاسییە بە تایبەتی لە لایەن لایەنگرانی ئەو لایەنانەی کە ئۆپۆزسیۆنن یان ڕکابەر و نەیاری حیزبی دەسەلاتدارن. لە پلەی دووەمدا بەشداربووان پێیانوایە دەستی دەرەکی لە پشت ئەو ڕووداوانەیە لەو چوارچێوەیەشدا ناوی سێ وڵاتی دراوسێی هەرێمی کوردستان هاتوون کە ئەوانیش (تورکیا و ئێران و سووریا)ن، هاتنی ئەو سێ ناوە جارێکی

دیکە دەمانگەڕێنێتەوە ناو چوارچێوەی کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش کە ئەندامان و لایەنگرانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان) یەکتری بە هاوپەیمانێتی و داردەستی هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران تۆمەتباردەکەن، ناوی وڵاتی سووریاش پەڕیوەتە ناو ناوان، چونکە ئەو چوار کەسەی لەو دوو ڕووداوە بەشداربووینە خەڵکی ئەو وڵاتەن.

لە دوایین خانەی پلەبەندییەکە هۆکاری غەیبی هاتووە، کە ئەگەرچی ژمارەکان بچووکن بەڵام پرسیاری گەورە بەدوای خۆیان دەهێنن، بە تایبەتی کە ئێستا پێشکەوتنی تەکەنەلۆجیا و زانست توانای وەڵامدانەوەی زۆرینەی پرسیار و گومانەکانیان هەیە، هەروەها کار و کردەوەی چوار گەنج بە کارێکی غەیبی ببەسترێتەوە، ئەو کەسانەی بەو شێوەیە بۆچوونیان دەربڕیوە زۆرترینیان لەو دەستەواژانە بۆچوونەکانیان کورتکردۆتەوە (ئەوە کاری شەیتانە، شەیتان ئەو کارەی پێ کردوون، شەیتان مێشکی بردوون).

لە لێکدانەوە و تێڕامان لەو داتایانە و ڕێژەکانیان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا لە هەرێمی کوردستان، لە سەر ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی بواری گەشەکردن و تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە زۆرە و لە هەر یەکێک لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینەییەکاندا گروپ و لایەن هەیە کە بە کارکردن لە سەر هەست و سۆزی خەڵک دەتوانێ ئەو سێ بوارانە و لە سەر هەر سێ ئاستدا تێکەڵیان بکات و بیانکاتە کەرستەی ورووژاندن بە ئاراستەی خورتکردن و فراوانکردنی گوتاری ڕکوکینە لە دژی ڕکابەر و نەیارەکانیان، ئەوەش وای کردووە کە کۆمەڵگا لە سەر هەر سێ ئاستدا بە سەر دوو بەش (من) و (ئەوانەی دیکە) دابەشبێت، کە ئەو دابەشبوونە

کاریگەرترین کەرستەی بنیادنانی گوتاری ڕکوکینەیە، بۆیە بۆ ڕێگەگرتن لە تەشەنەکردنی ئەو گوتارە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان کار بۆ کاڵکردنەوەی هەردوو چەمکی (من) و (ئەوانەی دیکە) دەکەن تا هەردووکیان لە چەمکی (ئێمە کۆبکەنەوە).

**ئەنجامەکان:**

گوتاری ڕکوکینە بە شێوازی جیاواز و لە سەر ئاستی جودادا لە میدیای کوردیدا بە گشتی و بە تایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵەکە بووە.

چەمکی ڕکوکینە لە ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی لە تەشەنەکردنێکی بەردەوامدایە.

گوتاری ڕکوکینە لە هەرێمی کوردستان بووەتە هۆکاری لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی.

گوتاری ڕکوکینە ڕووبەری لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە سەر ئاستی هۆشیاریی تاک لە پاشەکشێدایە.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ژێدەرێکی گاریگەری تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینەن لەپاڵ پەروەردەی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتیدا.

## سەرچاوەکان:


1-الخصاونة، د. ص. ا.، ٢٠٢١. دور وسائل التواصل الاجتماعي في نشر خطاب الكراهية من وجهة نظر الصحفيين الأردنيين. *مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات الشرعية و القانونية*، ٢٩(معهد الاعلام الاردني)، pp. 300-322.

2-الرحامنة، ن.، ٢٠١٨. *خطاب الكراهية في شبكة الفيس بوك في الأردن دراسة مسحية*. جامعة الشرق الأوسط المحرر عمان, الاردن: جامعة الشرق الأوسط.

3-العراقي, ب .ا., ٢٠١٧ .*قاموس الكراهية* .بيت الاعلام العراقي ed. بغداد :دار الحكمة للنشر.

4-المدخلي، م. ب. ع.، ٢٠١٣. *منهج تحليل المحتوى تطبيقات على مناهج البحث*. جامعة ملك عبدالعزيز المحرر جدة: جامعة ملك عبدالعزيز.

5-المشهداني، د. س. س.، ٢٠١٧. *مناهج البحث الاعلامي*. دار الكتاب الجامعي المحرر العين: دار الكتاب الجامعي .

6-بوجمعة، د. ر.، ٢٠٢٠. *خطابات الكراهية و التعريض*. مكان غير معروف:مرصد الاعلام في الشرق الاوسط و شمال افريقيا.

7-حمزة، د. م.، ٢٠٠٦. *تحليل مضمون الخطاب الاتصالي سوسيولوجيا فهم الآخر*. بيت الحكمة المحرر بغداد: بيت الحكمة.

8-خمايسة، م.، ٢٠١٩. *دليل تجنب التمييز وخطاب الكراهية في الاعلام*، الدوحة: معهد الجزيرة للاعلام.

9-صالح، خ. س.، ٢٠٢٠. دور المنصات اإلعالمية االلكترونية في محاربة خطاب الكراهية. *مجلة الدراسات اإلعالمية*، العدد الحادي عشر(المركز الديمقراطي العربي- برلين- ألمانيا-)، 74-92 .pp.

10-عبدالسلام، د. س.، ٢٠٢١. جذور صناعة خطاب الكراهية في ثقافة المجتمع المعاصر. *مجلة التميز الفكري للعلوم الاجتماعية و الانسانية ،* العدد الخامس(جامعة زيان عاشور الجلفة )، 58-74 .pp.

**بيبلۆگرافی:**

.د. أحمد عبيس نعمة الفتالوي, خطاب الكراهية في نطاق الفقه واجتهادات المحاكم الجنائية الدولية.

أنطونيو غوتيريش, خطاب الكراهية نار سارية في الهشيم,٢٠١٩

قاموس الكراهية مصطلحات تضرب السلم المجتمعي في العراق,٢٠١٧.

د.بوجلال صلاح الدين مقاربة المحكمة األوربية لحقوق اإلنسان في التوفيق بين حرية التعبير ومكافحة خطاب الكراهية,٢٠٢٠

مجلة دراسات الاعلامية, دورية محكمة الدولية, عدد حادي عشر ايار ٢٠٢٠.

**ملخص البحث:**

الدراسة محاولة أكاديمية لفهم انتشار خطاب الكراهية على الشبكات الاجتماعية. إنها دراسة وصفية وتعتمد على تحليل المحتوى لجمع البيانات من صفحات Rudaw و مؤسسة Xendan الاعلامية على Facebook. وهما صفحتان مؤثرتان يزورهما الأشخاص يوميا, يقرأون مقالاتهم أو يتفاعلون معها بطرق مختلفة.

إن موضوع خطاب الكراهية مسألة عالمية، ولكن يختلف من مجتمع لآخر ورأيتها  كمشكلة من حيث ظهورها و التعامل معها، كلما كانت المجتمع منغلقة ومتخلفة في مجال الإنتاج الفكري كلما انتشر الخطاب الكراهية فيها اسهل واوسع. هل استخدام الشبكات الاجتماعية سببا لانتشار اكثر للخطاب الكراهية؟ في هذا البحث حاولنا الاجابة على هذا السؤال. هذا البحث يتكون من اربعة اجزاء، يضم الاطار المنهجي، الجانب النظري والتي يشمل التحدث وشرح المتغييرات واخيرا من الجانب التطبيقي ومن خلال جمع البيانات والمعلومات وتحليلها، توصلنا الى مجموعة نتائج، من خلال هذه النتائج حصلنا على اجوبة للاسئلة المطروحة، حيث الخطاب الكراهية يحتل مساحة كبيرة و شاسعة في الشبكات الاجتماعية وخاصة موقع فيسبوك التي هي تشكل بيئة بحثنا، وهذا يؤدي الى توسيع انشقاق سياسي و اجتماعي، ويعتبر العملية بمجملها تمهيدا لصنع فرد متطرف.

**Abstract:**

The issue of hate speech is a global issue, but it differs from one society to another and its vision as a problem in terms of its appearance and dealing with it, the more closed and backward the society is in the field of intellectual production, the easier and broader the hate speech spreads in it. Is the use of social networks a reason for the spread of hate speech? In this research we tried to answer this question. This research consists of four parts, including the methodological framework, the theoretical side, which includes speaking and explaining the variables, and finally from the practical side. And it is widespread in social networks, especially Facebook, which constitutes the environment of our research, and this leads to the expansion of political and social dissent, and the whole process is considered a prelude to creating an extremist individual.

**Twejer** is a quarterly journal of humanities,
published by the faculty of Arts at Soran University

Concessionaire: Prof. Dr. Qais Kakl Tawfiq
Editor: Prof. Dr. Sirwan Jabar Amin (Zand)

**Authors:**

Assist. Prof. Dr. Amanj Ahmed Hamadamin
Assist. Prof. Dr. Majid Khezr Ahmed
Assist. Prof. Dr. Amir Rafiq Awla
Assist. Prof. Dr. shaimaa najim safar
Assist. Prof. Dr. Sherzad Saeed
Assist. Prof. Dr. Amanj Ahmed
Dr. Nahro Zagros

**Counselors (advisers):**

Prof. Dr. Azad Naqshbandi
Prof. Dr. Salah Al-Haidari
Prof. Dr. Qais Kakl Tawfiq
Prof. Dr. Kamaran Hussein Salay
Prof. Dr. Yadgar Rasool Hamdamin
Assist. Prof. Dr. Sherzad Shafee (Barzani)
Assist. Prof. Dr. Sadeq Kareem Yahya

**Proofreading**

Assist. Prof. Dr. Abdulla bayram
Dr. Dler Sadiq Kanabi

Address: Kurdistan- Hawler- Soran- Delizian Camps
Email address: twejer@soran.edu.iq
Phone no.: 0662588727

گۆڤارێکی ئەکادیمیی وەرزیی تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتییەکان،
فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران دەریدەکات.

**خاوەن ئیمتیاز:** پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
**سەرنووسەر:** پ.د. سیروان جەبار ئەمین(زەند)

**دەستەی ڕاوێژکاران:**
پ.د.ئازاد نەقشبەندی
پ.د.سەلاح ئەلحەیدەری
پ.د.قەیس کاکل تۆفیق
پ.د.کامەران حوسێن ساڵەیی
پ.د. یادگار ڕەسول حەمەدەمین
پ.ی.د. سادق کەریم یەحیا
پ.ی.د.شێرزاد شەفیع بابۆ(بارزانی)

**دەستەی نووسەران:**
پ.ی.د.ئامانج ئەحمەد حەمەد ئەمین
پ.ی.د.مەجید خدر ئەحمەد
پ.ی.د.ئەمیر ڕەفیق عەولا
پ.ی.د.شەیما نەجم سەفەر
پ.ی.د.شێرزاد سعید صدیق
پ.ی.د.ئامانج ئەحمەد مستەفا
د. نەهرۆ زاگرۆس

**پێداچوونەوەی زمانی:**
پ.ی.د. عەبدوڵا بەیرەم　　　　د. دلێر سادق کانەبی

ناونیشان: کوردستان_ هەولێر_سۆران_کەمپی دیڵزیان
ئیمێل: twejer@soran.edu.iq
ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٨٨٧٢٧